دكتورسا لح ئيبرا هيمى



# سوورەی بەرەی عیمران ٢٠٠ ئایەتە

**سوورەی بەرەی عیمران لە مەدینە هاتۆتە خوارەوە بە (بسم‌الله)وە ٢٠٠ لایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ئەلف، لام، میم ﴿١﴾ ئەڵلا زاتێکی وایە کە بێجگە لەو شتێ‌تر بۆ پەرستن، نییە، خوا هەر زیندووە و بەسەر هەموو چت ڕادەگا ﴿٢﴾ ئەم کتێبە (قورئان)ی بەرهەق بۆ تۆ ناردووە، باوەڕ بەو کتێبانەش دەکا کە بەر لەو هاتوون (لە بەردەسیەتی) تەورات و ئینجیلیشی لە بەرا هەناردووە ﴿٣﴾ تا بۆ خەڵک ڕێنوێن بن، فورقانیشی (قورئانیشی کە حەق لە ناحەق جیا دەکاتەوە) لەوەو بەدوا ناردووە، ئەوانەی لە نیشانەکانی خوا حاشایان کردووە؛ جەزرەبەیان سەخت و توندە، خوا بەدەسەڵات و تۆڵەسێنە ﴿٤﴾ هەرشتێکی کە لە زەوی و ئاسماندا بێ لە خوا ون نابێ ﴿٥﴾ هەر خوایە کە ئێوە لە مندالدانی دایکدا بە هەر بیچمێک کە بیەوێ دەگووروێنێ ولە تۆلی دایکتاندا بیچمتان بۆ دیاری دەکا، (کەوابوو) بێجگە لەو هیچ چتێک بۆ پەرستن ناشێ، هەرخۆیشی دەسەلاتداری لەکارزانە ﴿٦﴾ هەر ئەویشە کە ئەم کتێبەی بۆ تۆ (محەمەد) ناردووە، هەندێ لە ئایەتەکانی پتەون، ئەم جۆرە ئایەتانە بنەڕەتی ئایەتەکانی ترن، هەندێ ئایەتیش وەک یەک دەچن و مانای جۆراوجۆر هەڵدەگرن و ئەوانەی وا دەغەڵن و لە دڵ و دەروونیاندا بوغز و دەغەز هەیە بۆ ئاژاوەنانەوە، لەوانە پەیرەوی ئەکەن (بۆ لادانی خەڵک لە ڕاستەڕێگا)، قورئان بەو جۆرەی دڵیان دەیخوازێ، واتا و تەئویل (Hermeneuetics : هێرمینۆتیک) دەکەن کەچی بێجگە لە خوا و ئەوانەی وا فرە زانان، نایانزانن ئەم فرە زانانە دەڵێن: ئێمە بە هەمووشیان بروامان هێناوە، هەمووی لە لایەن خوای ئێمەوەن، تەنیا ژیران بیر دەکەنەوە ﴿٧﴾ (فرە زانایان لە زانستدا دەڵێن:) ئەی پەروەرندەی ئێمە! دڵ و دەروونمان، دوای ئەوەی ڕێنوێنیت کردین لامەدە و لەلای خۆتەوە ڕەحمەتمان پێ‌ببەخشە، چونکە هەر تۆی زۆر بەخشەری ﴿٨﴾ ئەی پەروەرندەی ئێمە! لە ڕۆژێکدا کە هیچ شکێک لە ئەودا نییە، تۆ خەڵک خڕ دەکەیتەوە، لەو ڕۆژەدا وە بەر بەزەیی خۆتمان بخە) بێ سۆ خوا لە بەڵێنی خۆی لانادا ﴿٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دیارە ئەوانەی کە لە خوا و نیشانەکانی خوا حاشایان کردووە، ماڵ و مناڵیان ئەوان لە خوا بێ نیاز ناکەن (ناتوانن ئەوان لە ئاگر ڕزگار بکەن)، حاشاکەران، دەسەچیلەی ئاگرن ﴿١٠﴾ (خووی ئەوانەش) وەکوو خووی فیرعەونییان و کەسانێکە کە بەر لەوان بوون، کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ ئەخستەوە، جا خوا ئەوانی لە سزای تاوانی خۆیان گرتنی؛ سزای خوا سەخت و دژوارە ﴿١١﴾ بەوانە وا کافر بوون، بلّێ: (لەوەی کە بە ڕواڵەت لە شەڕی ئوحود سەرکەوتن سەرخۆش نەبن، بەم زووانە تێدەشکێن (و لە قیامەتدا) بەرەو جەهەندەم ڕەپێچەک دەدرێن و کۆ ئەکرێنەوە و ئەوێ چەند جێگایەکی خراپە ﴿١٢﴾ لەو دوو تاقمە کە (لە جەنگی بەدردا) لە بەرامبەر یەکتر ڕاوەستان، نیشانە (و پەند و ئامۆژگارییەک) بۆ ئێوە بوو، تاقمێ لە ڕێگای خوادا جەنگیان دەکرد، وە تاقمێ تریش کە کافر بوون بە چاوی خۆیان (تاقمی بڕوادارانیان) بە دوو بەرانبەری ئەوەی هەبوون، ئەیاندی (هەر ئەمەش بووە هۆی ترس و تێشکانی کافران)، خوا هەرکەس کە بیەوێ (و بە شیاوی بزانێ) یارمەتی ئەدا و سەری ئەخا، لەم (مەسەلەدا) بەڕاستی لەمەدا ئامۆژگارییەک بۆ خاوەنبیران هەیە ﴿١٣﴾ خۆشەویستی ئارەزووە نەفسانییەکان بۆ خەڵک ڕازاوەتەوە کە بریتییە لە ژنان، زارۆڵە، کیسەی هەراوی زێڕ و زیو، ڕەوە ئەسپی خۆشڕەنگ و بە درووشم و نیشانەی تایبەت و پڕ خاڵ، وڵسات و مەڕوماڵات، کشتوکاڵ، ئەمانە کاڵای ژیانی دنیان و سەرئەنجامی چاک لای خوایە ﴿١٤﴾ بلّێ: ئایا ئەتانەوێ ئێوە لە شتێ چاتر (لە تەواوی ئەم سەرمایەی دنیایی) ئاگادار بکەم؟ بۆ پارێزگاران لای پەروەرێنەریان باغ و بێستانگەلێک هەیە کە چۆمە ئاو بە بن (دارەکانیدا) تێئەپەڕێ، ئەوانیش بۆ هەمیشە لەوێدا ئەمێننەوە، ژنانی پاک و خاوێن و بێگەرد سەرەڕای ئەمانەش ڕەزای خوایان پێ دەگا، خوا چاوی لە بەندەکانی خۆی هەیە ﴿١٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

(پارێزگاران) کەسانێکن کە ئەڵێن: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! (بە تۆ و پێغەمبەران و بە پەراوەکانی تۆ) بڕوامان هێنا، جا گوناحانی ئێمە ببەخشە و ئێمە لە عەزابی ئاگری (جەهەندەم بپارێزە ﴿١٦﴾ تابشتهێنەران (لە بەرامبەری کەند و کۆسپدا) و ڕاستبێژان (بڕوادار) و فەرمانبەران (نوێژخوێنان بە هەمیشەیی) و بەخشەران (لە ڕێگای خوادا) و ئەوانەی وا لە بەرەبەیاناندا، داخوازی لێخۆشبوونن (خۆپارێزن لە جەزرەبەی خوا) ﴿١٧﴾ خوا و مەلائیکە و زانایان شایەدی ئەدەن کە بێجگە لەو هیچ چتێ بۆ پەرستن نابێ و نییە، خوایەکە کە ڕاگری دادگەرییە، هیچ خوایێ بێجگە لەو نییە و بەدەسەڵات و لەکارزانیشە ﴿١٨﴾ تەنیا دینێ (کە لای خوا قەبوولە) ئیسلامە (تەسلیم لە بەرانبەر هەقدا)، ئەوانەی کە کتێبیان پێدرابوو جیاوازییان نەکرد، مەگەر دوای ئەوەی کە ئاگادار بوون، بەڵام لەبەر ئێرەیی کە لە نێو خۆیاندا هەبوو دەسیان کردە دژایەتی (لەگەڵ ئیسلام)، هەرکەسێ کە ئایەتی خوا ئینکار بکا ئەبێ بزانێ کە خوا بەپەلە و بەلەز لێیان دەپرسێتەوە و پێیان ڕادەگا ﴿١٩﴾ ئەگەر (لە دین) لەگەڵ تۆدا محانجێنیان کرد، بڵێ: من و پەیڕەوانم خۆمان بە خوا سپاردووە و ڕوومان لەوە، بە خاوەن کتێب (جوولەکە و فەلە) و نەخوێندەواران بڵێ: ئایا ئێوەش خۆتان داوە بە دەس خواوە؟ ئەگەر بڕوا بێنن و خۆ بە دەسەوە بدەن، ڕێنوێنی بوون، ئەگەر (لە ئیسلام) ڕوو وەربگێڕن (ئەبێ بزانن) ئەرک و ئەسپاردەی تۆ تەنیا گەیاندنی پەیامی خوایە، خوا بە بەندەکانی بینایە ﴿٢٠﴾ ئەوانەی نیشانەکانی خوا ئینکار ئەکەن و بە ناهەق پێغەمبەران دەکوژن، ئەو کەسانەیش دەکوژن وا دەستوور ئەدەن بە خەڵک کە دادگەر بن (تۆیش ئەی پێغەمبەر) بە ئازاری دەرداوی مزگێنیان بدەیێ ﴿٢١﴾ ئەوانە کەسانێکن کە (شوێنەواری) هەموو کارە چاکەکانیان لە دنیا و ئاخیرەتدا بە فیڕۆ چووە، و یار و یارمەتیدەرێکیان بۆ نییە ﴿٢٢﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



ئایا ئەوانەی کە لە کتێبی (ئاسمانی) بەهرەیەکیان پێدرابوو، نەتدی (و نەتزانی) بۆ لای کتێبی خوا بانگ ئەکران تا (ئەو کتێبە) لە ناویاندا داوەری بکا، لە پاشان هەندێک لەوانە ڕوویان وەرگێڕا، ئەوانە لە ڕووەرگێڕاوەکانن ﴿۲۳﴾ ئەم پشت کردنەی ئەوان لەبەر ئەمە بوو کە ئەیانوت: بێجگە لە چەن ڕۆژێ ئاگری (جەهەندەم) هەرگیز لێمان ناکەوێ (و نامانگرێ)، ڕزگار دەبین؛ ئەم درۆ و دەلەسانە کە هەڵیانبەستبوو، ئەوانی لە دینەکەیاندا فریو دابوو (و لە هەق لای دابوون) ﴿۲۴﴾ جا دەبێ چلۆن بن ئەو کاتەی وا ئەوان لە ڕۆژێکدا کە هیچ شک لە هەبوونی (قیامەت) نییە، کۆیان دەکەینەوە و هەرکەس بە سزای دەسکەوتی کار و کردەوەی خۆی ئەگا، و ستەمیش لە کەس ناکرێ ﴿۲۵﴾ بڵێ: ئەی خوای خاوەن موڵک و بەدەسەڵات! بە هەرکەس کە بتەوێ موڵک و دەسەڵاتی پێئەدەی و لە هەرکەسیش کە بتەوێ موڵک و دەسەڵاتی لێ دەستێنیەوە، بە هەرکەسیش کە بتەوێ بەرێزی ئەکەی و هەرکەسیش کە بتەوێ سووک و چرووکی ئەکەی، هەموو چاکەیەک بە دەس خۆتە، بەڕاستی تۆ بە سەر هەموو شتێکدا بەتوانا و دەسەڵاتداری ﴿۲۶﴾ شەو ئەبەیتە ناو ڕۆژ و ڕۆژیش ئەبەیتە ناو شەو، زیندوو لە مردوو دەردێنی و مردویش لە زێندوو دەردەخەی و بە هەرکەس بتەوێ بێ ژمارە، ڕسق و ڕۆزی پێ ئەدەی ﴿۲۷﴾ بڕواداران نابێ حاشاکەران لە خوا لەباتی بڕواداران بە دۆست (و پشتیوان) بگرن، هەرکەس ئەوە بکا بەشی بە خواوە نامێنێ، مەگەر لێیان بترسن و بە ناچار پێیان بڵێن دۆستی ئێوەن؛ خوا هەر لە خۆی دەتانترسێنێ، (بزانن) گەڕانەوە(ی هەمووتان) بۆ لای خوایە ﴿۲۸﴾ بڵێ: ئەگەر ئەوەی لە سینگتاندایە بیشارنەوە یا ئاشکرای بکەن، خوا پێ ئەزانێ، و بەوانەی وا لە ئاسمانەکان و زەویدان ئاگادارە، خوا بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە و خاوەن دەسەڵاتە ﴿۲۹﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ڕۆژێ هەرکەس، هەر کارێکی کردبێ حازر بە چاو ئەیبینێ، و هەر کـارێکی خراپیشـی کردبـێ ئەیبینێ، و پێی خۆشە لە نێـوان خـۆی و ئەو کـارە بەدفەرەی وا کردوویەتـی، مەودایەکـی زۆر بوایە، خوا ئێوە لە (سزادانی) خۆی دەپرینگێنێتەوە و خوا سەبارەت بە بەنـدەکانی خـۆی زۆر دلۆڤانە ﴿٣٠﴾ بلّێ: ئەگەر خواتان خۆشدەوێ لە من (محەمەد) پەیڕەوی بکەن تا خوا ئێـوەی خـۆش‌بـوێ و گوناحتـان بـوەرێنێ، خـوا لێبـور و فـرە دڵلاوێـنە ﴿٣١﴾ بلّـێ: لە خـوا و ڕەوانەکراوەکەی خوا پەیروەی بکەن، جا ئەگەر ڕوو وەرگێرن، (بزانن کە) بەڕاستی خوا کـافرانی خۆش‌ناوێ ﴿٣٢﴾ خوا ئادەم و نووح و نەتەوەی ئیبراهیم و بەرەی عیمرانـی لە نـاو جیهانیانـدا هەڵبژراد و ڕێزی زیاتری پێدان ﴿٣٣﴾ ئەوانە زارۆک و تیرەیەکن (کە لە ڕوانگای هەڵبژاردنـدا) هەندێ لە هەندێترن، خوا بیسەر و فرە زانایە ﴿٣٤﴾ (بێنەوە بیر) ئەو دەمەی کە ژنی عیمـران وتی: ئەی پەروەرندەم! ئەوەی لە زگمدایە لە قەبەڵ (نەزری) تۆم کردووە (بۆ خزمەتی ماڵی تۆ) ئازادە، جا (ئەم بارمتەم) لێ قەبووڵ بکە، چونکە بەڕاستی تۆ بیسـەر و فـرە زانـای ﴿٣٥﴾ جا کاتێ منـاڵی بوو، وتی: بە هەقیقەت ئەی پەروەرندەم! (خۆ) کچم بووە، خوا زاناترە کەچـی کـوڕ وەکوو کچ نییە، من ئەوەم ناو نا مەریەم، ئەو و زارۆکەکـانی ئەخەمە پەنـای تـۆ تـا لە شـەڕی شەیتانی نەحلەتی دوور بن ﴿٣٦﴾ خوا (مەریەمی) بە شـێوەیەکی جـوان قەبـووڵ کـرد و ئەوی (هەروەک نەمامێک) ڕواندی و بە چاکی بەخێو و پەروەردەی کرد، باریهێنا و زەکەریای کردە سەرپەرستی ئەو، هەرکاتێ زەکەریا لە میحراودا سەری دەدا. لای (مەریەم) پێبژیـو و ڕسـق و ڕۆزییەکی فرەی ئەدی، ئەیوت: ئەی مەریەم! ئەمەت لەکوێ بوو؟ (لە وەڵامـدا) ئەیـوت: ئەمە لە لایەن خواوەیە، کە هەرکەس کە خوا بیەوێ ڕسق و ڕۆزی بێ ژماری پێ ئەدا ﴿٣٧﴾

لەوێوە زەکەریا (بە دیتنی ئەو هەموو شیاوییە لە مەریەمدا) بانگی خوای کرد وتی: ئەی پەروەرندەم! لەلایەن خۆتەوە زارۆکێکی پاک (و بەختەوەر)م پێ ببەخشە، چونکە بەڕاستی تۆ بیسەر (و وەرگری) دوعا و پاڕانەوەی ﴿٣٨﴾ لە حاڵێکدا کە ئەو (زەکەریا) لە میحرابدا ڕاوەستابوو (خەریکی دوعا و نوێژکردن بوو) فریشتەی ئێمە هەرای لێکرد، کە خوا مزگێنیت پێ ئەدا بە یەحیا، (کەسێ) کە بێژەی خوا (مەسیح) دەسەلمێنێ و مەزن و خۆڕاگرە، پێغەمبەرێکە لە چاکان ﴿٣٩﴾ (زەکەریا) وتی: ئەی پەروەرندەم! چلۆن منالّم ئەبێ کە خۆم پیرم و ژنەکەشم نەزۆکە؟ وتی: بەو جۆرە خوا هەرکارێ ئارەزووی بێ ئەنجامی ئەدا ﴿٤٠﴾ (زەکەریا) وتی: ئەی پەروەرێنم! نیشانەیەکم بۆ دابنێ، (خوا) فەرمووی: نیشانەت ئەوەیە کە سێ ڕۆژ لەگەڵ خەڵکدا قسە ناکەی، مەگەر بە ڕەمز و هێما، پەروەرندەی خۆت زۆر یاد بکە، لە دەمەدەمی شەو و بەرەبەیانیاندا زیکر و یادی خوای خۆت بکە ﴿٤١﴾ (بێنەوە بیر) ئەودەمەی مەلائیکە وتیان: ئەی مەریەم! خوا تۆی هەڵبژارد و پاک ڕایگرتی (و بەم هەڵبژاردنە) تۆی لە چاو ژنانی جیهان بەڕێزتر داناوە ﴿٤٢﴾ ئەی مەریەم! بۆ پەروەرێنەرت خۆ بە کەمزان و بێخەوش بە، سوژدە بەرە (بۆ خوا) و لەگەڵ کوڕنشبەراندا کوڕنش و ڕوکووع بەرە ﴿٤٣﴾ ئەمە لەو قسە و باسانەن کە تۆ ئاگات لێیان نەبوو دەیخەنە دڵی تۆوە و تۆ لای ئەوان نەبووی کە قەڵەمەکانیان (بۆ پشکهاویشتن) تووڕ هەڵدەدا و فڕێدەدا و ئەخستە (ناو ئاو) تا (دەرکەوێ) کامەیان دەبێتە سەرپەرستی مەریەم، (هەروەها تۆ لای ئەوان نەبووی کە لەگەڵ یەک کێشەیان بوو) ﴿٤٤﴾ ئەوساکە مەلائیکە وتیان: ئەی مەریەم! بەڕاستی خوا بە بێژیەکی خۆی مزگێنیت پێ دەدا (کوڕت دەبێ) و بە ناوی مەسیح عیسای کوڕی مەریەم (ناودار دەبێ) و ئابڕوودارە و لە نێزیکانیشە بە قاپیەی خوا. ﴿٤٥﴾

لەگەڵ خەڵـک لە لانکـدا و لە پیریـدا قسـە دەکـا و لە چاکـانە ﴿٤٦﴾ مەریەم وتـی: ئەی پەروەرێنەرم! جا چلۆن منالّم ئەبێ کە هیچ پیاوێک خۆی لێ نەداوم؟ فەرمووی: خـوا بەمجـۆرە هەرچی بیهەوێ خەڵقی دەکا، چونکە هەرکاتێ بیهەوێ شتێک بهێنێتە دی، تەنیا فەرمان ئەدا ببە و ئەویش دێتە دی و ئەبێ ﴿٤٧﴾ خـوا بەو (بە عیسـا) کتێـب و لەکـارزانی و تەورات و ئینجیل فێر ئەکا ﴿٤٨﴾ خـوا (عیسـا)ی (بە نـاوی) پێغەمبەرێـک بـۆ لای بەرەی ئیسـرائیل (نارد، تا پێیان بلّێ) من نیشانەیەکم لە لایەن پەروەرێنەرتانەوە بۆ هێنـاون، مـن لە گـڵ شـتێ وەکوو باڵندە دروست ئەکەم و لە پاشان فووی تێ ئەکەم، بە فەرمانی خـوا ئەبێـتە باڵنـدەیەک، هەروا کـوێری زگمـاکی و (پێسـتی) بەڵەک چـاک ئەکەمەوە و مـردوو بە ئیزنـی خـوا زینـدوو ئەکەمەوە، لەوەی ئەیخۆن و یا لە ماڵـدا ئـازووخەی دەکەن (ئاگـادارم و) خەبەرتـان ئەدەمـێ، بەڕاستی لەمانەدا نیشانەیەک بۆ ئێـوە هەیە، ئەگەر بـڕوادار بـن ﴿٤٩﴾ بەو تەوراتەی وا لامە بڕوادارم و برێ شت کە بۆتان ناڕەوا حەرام بوو، ڕەوای دەکەم بۆتان. نیشانەیەکم لە لایەن خواوە بۆتان هێناوە، جا خۆتان لە (نافەرمانی) خوا بپارێزن و فەرمـانم بەرن بەڕێـوە ﴿٥٠﴾ بەڕاسـتی خوا پەروەرێنەری من و ئێوەیە کەوابوو ئەو بپەرستن، ئەمەیە ڕێگای ڕاسـت ﴿٥١﴾ جا کـاتێ عیسا هەستی بەوە کرد کە بەرەی ئیسرائیل بڕوای پێ ناهێنن، وتی: بۆ بەرەو لای خـوا چـوون، کێ یار و هاوڕێمە، حەواریوون وتیان: ئێمە یاوەری خواین، بە خوا بڕوامـان هێنـاوە و (تـۆیش) شایەد بە کە بەڕاستی خۆمان بە خوا سپاردووە و ئێمە خۆمان بە خوا سپاردووە ﴿٥٢﴾

ئەی پەروەرێنەری ئێمە! بەوەی وا ناردووتە، بڕوامان هێناوە و لە پێغەمبەری (تۆ) پەیڕەویمان کرد، جا ئێمە لەگەڵ شایەدیدەران بنووسە ﴿٥٣﴾ (یەهوود ) نەخشەیان کێشا و خوایش چارەی کرد، خوا باشترین (کارسازە و) چارەکەرە و چارەسازە ﴿٥٤﴾ (بێنەوە بیر) ئەو دەمەی خوا فەرمووی: ئەی عیسا! بەڕاستی تۆ ئەمرێنم و بەرزت ئەکەمەوە بۆ لای خۆم و لەوانەی کافر بوون، پاکت دەکەمەوە و ئەوانەی وا پەیڕەوییان لە تۆ کرد، تا ڕۆژی قیامەت بەرزتر لە کەسانێ کە کافر بوون ڕایاندەگرم، لە دواییدا گەڕانەوەتان بۆ لای منە و لە نێوانتان لەوەی وا جیاوازیتان تێدا هەبوو، داوەری دەکەم ﴿٥٥﴾ بەڵام ئەوانەی وا کافر بوون لە دنیا و قیامەتدا سەخت ئازار ئەدەم، و یارمەتیدەرانێکیان بۆ نییە ﴿٥٦﴾ بەڵام ئەوانەی کە بڕوایان هێنا و کاری چاکیان کرد، خوا پاداشی ئەوان بە تەواوی ئەداتەوە، خوا ستەمکارانی خۆش ناوێ ﴿٥٧﴾ (ئەی محەمەد!) ئەمەی کە بەسەر تۆیدا دەیخوێنینەوە، لە نیشانەکان و وەبیرهێنەرن بۆ کارزانی ﴿٥٨﴾ بەڕاستی نەقڵی عیسا لای خوا، هەروەکوو نەقڵی ئادەمە کە لە خاک بەدیهێناوە و لە دواییدا پێی فەرموو ببە، ئەویش هاتە بوون ﴿٥٩﴾ ئەم حەقە لە پەروەرێنەرتەوەیە، کەوابوو لە دوودڵان مەبە ﴿٦٠﴾ جا دوای زانست و ئاگادار بوونێ کە (لە بابەت عیساوە) بە تۆ گەییوە، (هێشتا) کەسانێک لەگەڵ تۆدا دەکەونە محانجێن، جا پێیان بڵێ: وەرن ئێمە کوڕانی خۆمان بانگ ئەکەین، ئێوەش کوڕانی خۆتان، ئێمە ژنانی خۆمان و ئێوەش ژنانی خۆتان، ئێمە (پیاوانی) خۆمان بانگ ئەکەین و ئێوەش (پیاوانی) خۆتان، جا لە پاشان دەس بکەین بە لاڵە و نزا، و نەفرینی خوا بنێرین بۆ ئەوانەی درۆزنن ﴿٦١﴾

بەڕاستی ئەمەیە ئەو بەسەرهاتە هەقە (ی عیسا)،یە و بێجگە لە خوای (تاقانە و بێ‌ڵف) نەبێ کەس بۆ پەرستن نابێ، هەر ئەویشە خوای بەدەسەڵات و لەکارزان ﴿٦٢﴾ بڵێ: ئەی ئەهلی کتێب! وەرن با لەسەر واژەیەک کە لە نێوان هەمووماندا یەکسانە کۆ بینەوە (ئەویش ئەمەیە) کە بێجگە لە خوا کەسێ‌تر نەپەرستین و هیچ شتێک نەکەینە هاوبەشی ئەو، هەندێ لە ئێمە هەندێ‌تر لەباتی خوا نەکەینە خوا و پەروەرێنەر بۆ خۆمان، جا ئەگەر ڕوویان وەرگێڕا و خۆیان بوارد پێیان بڵێن: شایەد بن کە بەڕاستی ئێمە خۆمان بە خوا سپاردووە. ﴿٦٣﴾ جا ئەگەر ڕوو وەرگێڕن بەڕاستی خوا ئاگای لە (کاری) خراپەکارانە ﴿٦٤﴾ ئەی ئەهلی کتێب! بۆچی لەبابەت ئیبراهیمەوە محانجێن لەگەڵ یەکترا دەکەن، کەچی تەورات و ئینجیل دوای ئەو هاتوون، بۆچ ئەقڵی خۆتان ناخەنە کار؟ ﴿٦٥﴾ ئێوە هەر ئەوانەن لەبابەت ئەوەی وا پێی زانا و ئاگادار بوون محانجێنتان کرد، ئەی بۆچ لەبابەت ئەوەی وا زانستتان پێی نییە، محانجێن و شەڕەقسەی تێدا ئەکەن؟ خوا ئەزانێ و ئێوە نازانن ﴿٦٦﴾ ئیبراهیم نە جوولەکە بوو، نە مەسیحی، بەڵکوو خوا بەیەکزان و یەکتاپەرستێک بوو خۆی بە خوا سپاردبوو و لەوانەش نەبوو کە هاوبەشیان بۆ خوا دانابوو ﴿٦٧﴾ نێزیکترینی خەڵک بە ئیبراهیم کەسانێکن کە پەیڕەوییان لەو کرد و ئەم پێغەمبەر(ی ئیسلام)ە و کەسانێ کە بڕوایان پێی هێناوە، خوا یار و یاوەری بڕوادارانە ﴿٦٨﴾ تاقمێ لە خاوەن کتێب بەتەمان ئێوە لە ڕێگا لادەن، کەچی نازانن کە ڕێ هەر لە خۆیان دەگۆڕن ﴿٦٩﴾ ئەی خاوەن کتێب! بۆ حاشا لە نیشانەکانی خوا دەکەن؟ هەرچەندە دەیشزانن ڕاستە و شایەدیش لە سەر (بەهەقانییەتی قورئان) ئەدەن ﴿٧٠﴾

ئەی ئەهلی کتێب! بۆچی ڕەوا بە نارەوا دادەپۆشن و ڕاست و ڕەوا ئەشارنەوە، لە کاتێکا ئێوە (ئەمە) ئەزانن چ کارێک دەکەن ﴿٧١﴾ تاقمێ لە ئەهلی کتێب وتیان: بەوەی بۆ بڕواداران هاتووە و نازڵ بووە، لە سەرەتای ڕۆژ و دانی بەیانی بڕوا بێنن و سەرلەنگۆری و لای ئێواریێ و لە ئاخری ڕۆژا لێیان پەشیمان بنەوە (و بگەڕێنەوە)، بەڵکوو ئەوانیش (لە دینی خوا) بگەڕێنەوە ﴿٧٢﴾ بێجگە لەو کەسەی کە پەیڕەوی لە دینی ئێوە دەکا (بەدڵ)، بە کەس بڕوا مەهێنن، بڵێ: ڕێنوێنی ڕاست هەر ڕێنوێنی خوایە و شارەزاییش بە کەسێک بدا هەروەک ئەوەی بە ئێوەی داوە (ئەگەر وتیان) کێشەکەتان دەبەینە لای پەروەردەتان، بڵێ چاکە بە دەس خوایە؛ کێ حەز بکا چاکەی لەگەڵ دەکا خوا خاوەن چاکەی پەرەدار و فرە زانایە ﴿٧٣﴾ هەرکەس کە خوا بیەوێ تایبەت بە ڕەحمەتی خۆی ئەکا، خوا خاوەن فەزیلەتێکی گەورەیە ﴿٧٤﴾ هەندێ لە ئەهلی کتێب هەن کە ئەگەر ماڵی زۆریان بە ئەمانەت پێ بسپێری، پێت ئەدەنەوە، هەندێ لەوانەش هەن، ئەگەر دینارێکیان پێ بسپێری، ناتدەنەوە، مەگەر هەمیشە لەسەریان ڕاوەستی، ئەمە لەبەر ئەوەیە کە دەڵێن: ئێمە لە ڕاست نەخوێندەوارانداا بەرپرس نین، درۆ بە دەم خوا ئەبەستن و ئەمەش دەزانن (کە درۆ ئەکەن) ﴿٧٥﴾ بەڵێ هەرکەس بە پەیمانی خۆی وەفا بکا و پارێزگاریش بێ، جا بەڕاستی خوا پارێزگارانی خۆشدەوێ ﴿٧٦﴾ بەڕاستی کەسانێ کە پەیمانی خوا و سوێندەکانی خۆیان بە نرخێ کەم ئەفرۆشن، ئەوانە بەهرە و بەشیان لە ئاخیرەتدا بۆ نییە، خوا قسەیان لەگەڵدا ناکا و لە ڕۆژی قیامەتدا خوا ڕوویان تێناکا و (لە گوناح) پاکیان ناکاتەوە، بۆ ئەوان عەزابی دژوار و ئێشهێنەر هەیە ﴿٧٧﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



لە نێو ئەوانە (جوولەکە)دا تاقمێ هەن کە (لەکاتی) خوێندنی کتێبی خوا) زمانی خۆیان وەها لـوول دەدەن کە ئێـوە بـکەونە گومـانەوە (ئەوەی وا دەیخـوێنن) لە کتێبـی (خـوای) بـزانن لە حاڵێکـدا (ئەو قسـە لـە) کتێبـی خـوادا نییـە، (تەنـانەت بە ئاشـکرا) دەڵـێن: ئەوە لە لایەن خواوەیە، باوەکوو ئەوە لە لایەن خواوە نییە، و درۆ بە دەم خواوە ئەکەن و ئەشزانن (قسـەکەیان درۆیە) ﴿٧٨﴾ بۆ هیچ مرۆیەک شیاو نییە کە خوا کتێبی پێ بدا و فێری کارزانی بکـا و پـلەی پێغەمـبەری پـێ بـدا، لە دواییـدا بە خەڵـک بڵـێ: مـن بپەرسـتن نەک خـوا، بەڵکـوو ئەڵـێ: خەڵکێکی خوایی بن (خووی چاکی خوایی بگرن)، بەو جۆرە کە کتێبی خوا فێر دەکەن و دەرس دەخوێنن ﴿٧٩﴾ فەرمانتان پێ نـادا کە مەلائـیکە و پێغەمـبەران بـکەن بە پەروەرێـنەر، ئایـا دەستووری کافر بوونتان پـێ ئەدا، دوای ئەوەی کە تەسـلیمی خـوا ببـون ﴿٨٠﴾ (بێـنەوە بیـر کاتێ کە خـوا بەڵێنـی پـتەوی لە پێغەمـبەران (و پەیڕەوانـی ئەوان) وەرگـرت کە لە کـاتێ کە زانستمان بە ئێوە دا لە دواییدا پیغەمبەرێک هاتە لاتان کە ئەوەی لاتـانە بەڕاسـت ئەزانـێ و تەسدیقی ئەکا و ئەیسەلمێنێ، دەبێ ئیمانی پی بهێنن و یارمەتی بدەن، جا بەوانەی وت: ئایا بڕواتان بەوە هەیە و پەیمان و بەڵێنی پتەوتان لەسەر گرێداوە؟ وتیان: (بەڵـێ) بڕوامـان هەیە، (خوا) بەوانەی وت: جا (لەسەر ئەم بەڵێنە) شـایەد بـن، مـنیش لەگەڵ ئێـوەدا شـایەدم ﴿٨١﴾ کەوایە هەرکەسێ لەمەودوا لە (بەڵێنی پتەوی خۆی) ڕوو وەربگێـڕێ، جـا ئەوانە لە ڕێ لادەرن ﴿٨٢﴾ ئایا ئەوانە دینی غەیری خوایان دەوێ؟ لە حاڵێکدا ئەوانەی وا لە ئاسمانەکان و زەویدان چ بیانەوێ و چ نەیانەوێ لە بەرانبەر ئەودا (خوا) ملکەچ و تەسلیم بـوون، هەمـوویش بـۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە ﴿٨٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



بڵێ: بڕوامان هێناوە، بە خوا و بەوەی وا بۆ ئێمە هاتووە و نازڵ بووە، و بەوەی وا بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقووب و بۆ نەتەوەکەیش نازڵ بووە، و بەوەی وا بە مووسا و عیسا و بە پێغەمبەران لە لایەن پەروەرێنەریانەوە پێیان دراوە، لە نێوان هیچیان جیاوازی دانانێین و ئێمەیش خۆ بە دەسەوەدەری ئەوین ﴿٨٤﴾ هەرکەسێ بێجگە لە ئیسلام (تەسلیم لە راست خوادا)، دینێتر هەڵبژێرێ، جا (هەرگیز) لێی قەبووڵ ناکرێ و ئەو کەسە لە ڕۆژی بەرێدا لە زیان لێکەوتووان ئەبێ ﴿٨٥﴾ چلۆن خوا هۆزێک ڕێنوێنی ئەکا، کە دوای بڕوا هێنان و شایەدیدان بە هەقانییەتی پێغەمبەر و ڕەسووڵ، و هاتنی نیشانە ڕوونەکان بۆ ئەوانە، کافر بوون، خوا دەستەی ناحەقیکاران و ستەمکاران ناخاتە سەر ڕاستەڕێ ﴿٨٦﴾ جەزای ئەوانە نەحلەت ونەفرینە لە خواوە و لە مەلائیکەی خوداوە و لە هەموو خەڵکی دنیاوە ﴿٨٧﴾ بۆ هەمیشەیش لەو نەفرینەدا ئەمێننەوە، ئازاریان سووک نابێ و مۆڵەتیش نادرێن ﴿٨٨﴾ مەگەر ئەوانەی وا دوای ئەوە پەشیمان بوونەوە و تۆبەیان کرد و خۆیان چاک کرد، جا بەڕاستی خوا لێبور و دڵلاوێنە ﴿٨٩﴾ بەڕاستی ئەوانەی وا دوای بڕوا هێنان کافر بوون و لە پاشان کوفری خۆیان زیاد کرد (پێیان چەقاند) هەرگیز تۆبەیان قەبووڵ ناکرێ، هەر ئەوانەشن لارێ و گومرا ﴿٩٠﴾ بەڕاستی ئەوانەی کە کافر بوون و بە کوفریشەوە مردن، جا ئەگەر ڕووی زەوی لە زێڕ تەژی بکەن و (لە کەفارەتی گوناحیاندا) بیدەن، هەرگیز لێیان قەبووڵ ناکرێ، بو ئەوانە عەزابێ سەخت هەیە، و هیچ یار و یاوەرێکیشیان بۆ نابێ (تا فریایان بکەون) ﴿٩١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

هەرگیز ناگەنە چاکە (چاکی و بەهەشت)، مەگەر لەوەی وا خۆشتان دەوێ بیبەخشن، جا بەڕاستی هەر شتێکیش ببەخشن خوا پێی ئاگا و زانایە ﴿٩٢﴾ هەموو (خۆراکە پاکەکان) بۆ بەرەی ئیسرائیل ڕەوا و حەلاڵ بوون، بێجگە لەوەی کە ئیسرائیل (یەعقووب) بەر لە ناردنی تەورات، لەسەر خۆی حەرامی کردبوو، بڵێ: ئەگەر ڕاست ئەڵێن، تەورات بێنن و بیخوێننەوە، ئەگەر ڕاستبێژن ﴿٩٣﴾ کەوابوو ئەوانەی دوای ئەمە درۆ بە (دەم) خوا هەڵبەستن، جا ئەوانە ستەمکارن ﴿٩٤﴾ بڵێ: خوا ڕاستی فەرمووە کە ئەمانە لە ئایینی پاکی ئیبراهیمدا نەبوون، جا کەوابوو لە ئایینی ئیبراهیم پەیڕەوی بکەن کە هۆگری هەق بوو، لەوانەش نەبوو کە هاوبەش و هاولفیان بۆ خوا دائەنا ﴿٩٥﴾ بەڕاستی یەکەم خانوویەک کە بۆ خەڵک (و پاڕانەوە لەبەر خوا) ساز درا مەککەیە کە پڕ پیت و بەرەکەت و هۆی هیدایەت و ڕێنوێنی جیهانیانە ﴿٩٦﴾ لەو خانووەدا نیشانەگەلێ ڕوون هەیە، (وەکوو) مەقام و جێی ڕاوەستانی ئیبراهیم، هەرکەس بچێتە ئەوێ لە ئەماندایە، بۆ خوا لەسەر خەڵکە بچنە خانوو (ی خوا)، ئەوانەی کە بۆیان بلوێ و بۆیان دەس بدا و توانایی ڕۆیشتنیان بۆ ئەوێ هەبێ، هەرکەسیش حاشا بکا، بەڕاستی خوا لە هەموو جیهانیان بێنیازە ﴿٩٧﴾ بڵێ: ئەی ئەهلی کتێب! بۆ بە نیشانەکانی خوا (حەلاڵ بوونی خۆراک و گۆڕانی ڕووگە) کافر ئەبن باوەکوو خوا لەسەر کار و کردەوەتان شایەدە ﴿٩٨﴾ بڵێ: ئەی ئەهلی کتێب بۆچی کەسانێ کە بڕوایان هێناوە لە ڕێگای خوا ئەیانگێڕنەوە (و ڕێگای خوایان لێدەگرن) و ئەتانەوێ ئەم ڕێگایە خوار و خێچ و لار و نارێک نیشانبدەن، لە حاڵێکدا (بە هەقیقەتی ئەم ڕێگایە) شایەدن، خوا لە کردەوەی ئێوە غافڵ نییە ﴿٩٩﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! ئەگەر لە تاقمێک لەوانەی کە کتێبیان پێدراوە (و کاریان ئاگر خۆش کردنە) پەیڕەوی بکەن، ئێوە لە بڕوا هێنانەوە ئەگێڕنەوە سەر خوانەناسی و بێ بڕوایی ﴿١٠٠﴾

چلۆن حاشادەکەن، لە حاڵێکدا ئایاتی خوا بەسەر ئێوەدا ئەخوێندرێتەوە و پێغەمبەری ئەو لە نێو ئێوەدایە؟ هەرکەس (ڕێگای) خوا بگرێ بەڕاستی بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنوێنی کراوە ﴿١٠١﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە، بەو جۆرەی کە پێویستە خۆ لە (نافەرمانی خوا) بپارێزن، نەمرن مەگەر لە حاڵی تەسلیم بوون بە خوا ﴿١٠٢﴾ هەموو دەس بگرن بە عەهد و پەیمانی خواوە و لێک جیا مەبنەوە، نیعمەتێ کە خوا پێی داون بیهێننەوە بیر، ئەو دەمەی کە دوژمنی یەکتر بوون، جا دڵ و دەروونی ئێوەی یەک خست، جا لە سوێنگەی نیعمەتی ئەو (خوا) بوونە برا (ی دینی یەکتر)، ئێوە لەسەر لێواری هەڵدێری (پڕ) لە ئاگردا بوون، جا ئێوەی ڕزگار کرد، ئا بەمجۆرە خوا نیشانەکانی خۆی بۆ ئێوە بەیان دەکا تا بەڵکوو بکەونە سەر ڕێگای ڕاست ﴿١٠٣﴾ ئەبێ لە نێو ئێوەشدا تاقمێک (هەبێ کە خەڵک) بۆ چاکە کردن بانگ بکەن و فەرمان بە چاکە بدەن و نەهی و بەرگیری لە کردەوەی ناحەز بکەن، هەر ئەمانەش ڕزگارن ﴿١٠٤﴾ وەکوو کەسانێ مەبن کە لێک جیا بوونەوە و دژایەتییان لەگەڵ یەکا کرد، (ئەویش) دوای ئەوەی نیشانە ڕوونەکانی (پەروەرێنەریان) پێگەیی، بۆ ئەمانە عەزابی گەورە هەیە ﴿١٠٥﴾ ڕۆژێکە، هەندێ ڕوویان سپی و هەندێ ڕوویان ڕەش هەڵدەگەڕێ، بەڵام ئەوانەی وا ڕوویان ڕەش هەڵگەڕاوە، (پێیان ئەوترێ:) ئایا دوای بڕوا هێنان کافر بوونەوە؟ جا (ئێستا) دەرد بچێژن لە (جەزای) ئەوەی کافر بوونەوە ﴿١٠٦﴾ بەڵام ئەوانەی وا ڕوویان سپی هەڵگەڕاوە، لەناو ڕەحمەتی خوادا بۆ هەمیشە دەمێننەوە ﴿١٠٧﴾ ئەمە نیشانەکانی خوان کە بە هەق بۆ تۆی دەخوێنینەوە، خوا (هیچ کاتێ) ستەم کردنی لە جیهانیان ئیرادە نەکردوە ﴿١٠٨﴾

ئەوەی وا لە ئاسمانەکان و زەویدایە، هی خوایە، هەموو کاروبارێک دەگەڕێتەوە لای خوا (و بە دەس خوایە) ﴿۱۰۹﴾ ئێوە (موسڵمانان) باشترین کۆمەڵن کە لە نێو بەرەی مرۆڤدا بۆ خزمەت بە خەڵک سەرتان هەڵداوە، (چونکە) فەرمان بە چاکە ئەدەن و لە کاری بەدفەڕانە بەرگری دەکەن، بە خوا بڕوا دەهێنن، ئەگەر خاوەن کتێب (بە پێغەمبەری ئیسلام) بڕوایان هێنابا، بۆیان باشتر بوو، هەندێ لەوانە بەبڕوان، زۆربەشیان فاسقن ﴿۱۱۰﴾ هەرگیز بێجگە لە ئازارێک زیانێ لە ئێوە نادەن (ناتوانن بە زەرەر و بەزەڕ بن و زیانی گەورەتان لێبدەن)، ئەگەر لەگەڵ ئێوەدا بجەنگن (خاوەن کتێب بە تایبەت جوولەکە) پشتتان تێدەکەن و لە پاشان یارمەتی نادرێن ﴿۱۱۱﴾ لە هەرکوێش بن ژێرچەپۆکی و زەبوونی بۆتە بەشیان مەگەر بە پێوەند (پەیا کردن) لەگەڵ خوادا و پێوەند بە خەڵک گرتن، بە فریایان بکەوێ و تووشی ڕقی خوا بوون و گەڕاونەتەوە (و لە نێو قینی خوادا جێگەیان گرتووە)، و مۆری زەبوونی و بێچارەیی و پەستییان لێدراوە و ئەمە لەبەر ئەوەیە لە نیشانەکانی خوا حاشا ئەکەن و بە ناهەق لەگەڵ پێغەمبەرانا (بەشەڕ دێن و) دەیانکوژن، چونکە ملیان باداوە و دەسدرێژییان کردووە ﴿۱۱۲﴾ خاوەن کتێب هەموویان وەکوو یەک نین، هەندێ لە خاوەن کتێب هەن فەرمانی خوا ئەبەن بەڕێوە، شەوانە نیشانەکانی خوا ئەخوێننەوە و سوژدە بۆ خوا ئەبەن ﴿۱۱۳﴾ بڕوا بە خوا و ڕۆژی بەرێ دێنن و فەرمان بە چاکە ئەدەن و بەرگری لە خراپە ئەکەن، بۆ ئەنجام دانی کاری چاک پەلە و تاڵووکە دەکەن، ئەوانە لە پیاوچاکانن ﴿۱۱۴﴾ هەر کارێکی چاک دەکەن لە جەزای بێبەش نابن، خوا بە خۆپارێزان دانا و فرە زانایە ﴿۱۱۵﴾

بەڕاستی ئەوانەی وا کافر و بەحاشا بوون، ماڵ و منداڵ هەرگیز ئەوان لە سزای خوا ڕزگار ناکا، ئەوانە ئەهلی ئاگرن، هەتا هەتایە لە ناوی ئەمێننەوە ﴿١١٦﴾ نەقڵی پوول و دراوێک کە ئەوانە (بە ڕووبینی و مەرایی) لەم لە ژیاندا دەیبەخشن، وەکوو بایەکی سارد و وشککەر و سووتێنەر و شەختە وایە کە لە کشتوکاڵی هۆزێ کە ستەمیان لە خۆیان کردووە بدا وایە و وەیشوومەیە، جا لە ناوی دەبا، خوا ستەمی لەوان نەکردووە، بەڵکوو خۆیان ستەمیان لە خۆیان کردووە ﴿١١٧﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! بێجگە لە خۆتان نامۆ و بێگانە مەکەنە هاوڕازی خۆتان، ئەوانە لە زیان گەیاندن بە ئێوە درێخ ناکەن و پێیان خۆشە ئێوە لە دەرد و ڕەنجا بن، دوژمنی و قین لە زاریانەوە دیارە، ئەو ڕق و قینەی وا لە دڵ و دەروونی ئەواندا نهێنە، گەورەتر و گرینگترە، بە یەقین ئێمە نیشانەکانمان بۆ ئێوە دەرخست، ئەگەر ئەقڵتان بخەنە کار (تا دۆست و دوژمن لێک جیا بکەنەوە) ﴿١١٨﴾ (بزانن) ئێوە کەسانێکن ئەوانتان خۆش دەوێ، بەڵام ئەوان ئێوەیان خۆش ناوێ، ئێوە بە هەموو پەڕاوە ئاسمانییەکان بڕواتان هەیە، ئەوان هەرکاتێ بگەنە ئێوە بە درۆ دەڵێن: بڕوامان هێناوە، هەر لێت تەکیونەوە و هەر جیا بوونەوە و هەرکاتێ تەنیا ئەبن، لە داخی ئێوە سەر تیلیان دەگەزن، بڵێ: بەو داخ و دەردەوە بمرن، بەڕاستی خوا بە ڕازی دڵ و دەروونیان ئاگا و پڕ زانایە ﴿١١٩﴾ ئەگەر چاکەتان بگاتێ، ناڕەحەت دەبن خەم دەخۆن و ئەگەر تووشی زەرەرێک ببی، پێی شادمان ئەبن، ئەگەر تابشت بهێنن و خۆ بپارێزن، فڕ و فێڵی ئەوان زیانتان پێ ناگەیێنێ، خوا بە هەرچی ئەیکەن ئاگادار و موحیت و زاڵە ﴿١٢٠﴾ (بێنەوە بیر) ئەو دەمەی وا لە بەرەبەیان لە نێو ماڵ و منداڵی خۆت چوویە دەرێ تا بۆ بڕواداران پێگەی جەنگی ئامادە بکەی، خوا بیسەر و ئاگا و فرە زانایە ﴿١٢١﴾

ئەو دەمەی وا دوو تاقم لە ئێوە زراویان ڕۆیبوو خەریک بوون سست بنەوە و ورە بەردەن (و بگەڕێنەوە)، بەڵام خوا پیشتیوانیان بوو، و بڕواداران ئەبێ پشت بە خوا ببەستن ﴿١٢٢﴾ خوا لە (جەنگی) بە دردا یارمە تیدان، لە حاڵێکدا ئێوە ناتەوان بوون، جالەبەر ئە مەلە خوا بترسن تا بەڵکوو شوکری خوا بەجێ بێنن ﴿١٢٣﴾ لەو دەمەیدا وا بە بڕوادارانت دەوت: ئایا بۆ ئێوە بەس نییە کە پەروەرێنەرتان بە سێهەزار مەلائیکەی ناردراو یارمەتیتان ئەدا ﴿١٢٤﴾ بەڵێ (ئەمڕۆیش) ئەگەر تابشت بێنن و خۆپارێز بن، دوژمن بە زوویی بێتە سەرتان، خوا یارمەتیتان ئەدا بە پێنجهەزار مەلائیکەی نیشانەدار ﴿١٢٥﴾ خوا ئەمەی نەکرد مەگەر (لەبەر ئەمە کە) مزگێنییەک بێ بۆ ئێوە، و دڵ و دەروونتان پێی ئارام بگرێ، سەرکەوتن نییە مەگەر لە لایەن خوای بەدەسەلات و لەکارزان ﴿١٢٦﴾ (ئەم پشتیوانییە) بۆ ئەوە بوو تا هەندێ لە خوانەناسەکان لە نێو خوێنی خۆیان بکوژرێن و تل بخۆن و بکەوزن و لە ناویان ببا، ئەوەی ماشن، دەمکوت بن، بە نائومێدی و سەرشۆڕی بگەڕێنەوە ﴿١٢٧﴾ (لە بابەت هەڵاتووەکانی شەڕی ئوحود) هیچ کارێ بە دەس تۆ نییە (مەگەر ئەوەی خوا بیەوێ) یا پەشیمان بوونەوە و تۆبەیان قەبووڵ دەکا یا عەزابیان دەدا، چونکە بەڕاستی ئەوانە ستەمکارن ﴿١٢٨﴾ بۆ خوایە ئەوەی وا لە ئاسمانەکان و زەویدایە، هەرکەسێ بیەوێ (و بە شیاوی بزانێ) دەیبەخشێ و هەرکەسیش بیەوێ عەزابی ئەدا، خوا لێبور و دڵاوێنە ﴿١٢٩﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! لە سووتخواردن بتەکنەوە و چین لەسەر چین سووت وەرمەگرن و سووت مەخۆن، لە خوا بترسن، بەشکوو ڕزگارتان ببێ. ﴿١٣٠﴾ لە ئاگرێ کە بۆ کافران نێڵ دراوە و ئامادە کراوە خۆ بپارێزن ﴿١٣١﴾ لە خوا و پێغەمبەر پەیڕەوی بکەن تا بەڵکوو وەبەر ڕەحمەتی خوا بکەون ﴿١٣٢﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



تاڵووکە بکەن بۆ لێخۆشبوونی خوا و بۆ بەهەشتێ کە هەراوی: پان و بەرینـانیی بە ئەنـدازەی ئاسمانەکان و گۆی زەوییە کە بۆ خۆپارێزان ئامادە کـراوە ﴿١٣٣﴾ (خۆپـارێزان) ئەوانەن کە لە خۆشی (و دەوڵەمـەندی)، ناخۆشی (و دەستکورتی)دا بەخشش ئەکەن و ڕقی خۆیان ئەخـونەوە و لە (گوناحی) خەڵک خۆش ئەبـن، خـوا کارچاکـانی خـۆشدەوێ ﴿١٣٤﴾ کەسـانێ کە کـاتێ کاری ناحەز (گوناحی ئاشکرا)یان کرد یـا سـتەمیان لە خـۆ کـرد، کەوتـنە یـادی خـوا و داوای لێبوردنیان بۆ گوناحەکانیان کرد، بێجگە لە خوا کێ هەیە بتوانێ گوناحان بپۆشێ (و گوناحی خەڵک ببەخشێ)؟ لەسەر گوناح کردن سوور نەبوون، لە حاڵێکـدا کە ئاگـادار بـوون (و گونـاح کردن دووپاتە نـاکەنەوە) ﴿١٣٥﴾ ئەوانە جەزایـان لێخوشبـوونە لە لایەن پەروەرێنەریـانەوە و بەهەشتگەلێکە کە چۆمە ئاو بە ژێریاندا تێدەپەڕێ و بـۆ هەمیشـە لەوێـدا ئەمێنـنەوە، بەها! چەن چاکە پاداشی خاوەن کردەوەی باشـن و مـزەی ئەوانەی وا کارچـاکن ﴿١٣٦﴾ دیـارە بەر لە ئێوە (دەستوورگەلێ) ڕێ و ڕەوشتگەلێک هەبووە و ڕابوردووە، جا لە زەویدا بگەڕێن و بـڕوانن تا بزانن سەرئەنجامی ئەوانەی وا (فەرمـوودەی خوایـان) بە درۆ ئەخسـتەوە چلـۆنە و بە کـوێ گەیشت؟ ﴿١٣٧﴾ ئەمە وتارێکە بۆ هەموو کەس، هیدایەت (ڕێنوێنی) و پەند و ئامۆژگـارییە بۆ ئەوانەی خۆپارێزن ﴿١٣٨﴾ سست مەبن و خەفەت مەخۆن، ئێوە بەرزترن، ئەگەر بڕوادار بـن ﴿١٣٩﴾ ئەگەر ئێـوە (لە ئوحـود)دا بریـنـدار بـوون، بەو هـۆزەش (لە جەنگـی بەدرا) زامێکـی وەکوو ئەوە گەیشتوە، ئێمە ئاوا زەمانە و ڕۆژانە(ی سـەرکەوت و تێشـکانان) لە نێـو خەڵکـدا دەساودەس دەکەین (ئەمە تایبەتی ژیانی جیهانە) تا (ئەوان تاقی بکاتەوە)، هەتـا ئەوانەی وا بڕوایان هێناوە خوا بیاننـاسێ و کەسانێکیش بـۆ شـایەدیدان لە ئێـوە لە بەرچـاو بگـرێ، خـوا ستەمکارانی خۆشناوێ ﴿١٤٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



تا خوا کەسانێ کە بڕوایان هێناوە (لەگوناح) پاکیان بکاتەوە و کافرانیش لە ناو بەرێ ﴿١٤١﴾ ئایا گومانتان وایە دەچنە بەهەشت؟ بێئەوەی خوا بزانێ کام یەکە لە ئێوە جیهادی کردووە و تابشتی هێناوە ﴿١٤٢﴾ بە هەقیقەت ئێوە بەر لەوەی لەگەڵ مەرگدا ڕووبەروو بن، ئارەزووی مردن (و شەهید بوونتان) ئەکرد، لە دواییدا بە چاوی خۆتان دیتتان، ئێستا زەق بۆی ئەڕوانن (و درۆ ئەکەن) ﴿١٤٣﴾ محەمەد پێغەمبەرێکە و چی تر نییە کە بەر لەو پێغەمبەرانی تریش بوون و ڕۆیشتن، ئایا ئەگەر بمرێ یا بکوژرێ، بۆ دواوە ئەگەڕێنەوە؟ هەرکەس بگەڕێتەوە بۆ دواوە، هەرگیز زیان لە خوا نادەن، بە زوویی خوا بە شوکرکەران (و تابشتهێنەران) پاداشی چاک ئەداتەوە ﴿١٤٤﴾ هیچکەسیش بەبێ ئیزنی خوا نامرێ، مردنی هەرکەسێکیش وەختی بۆ دیاریکراوە و لەلای خواوە نووسراوە، هەرکەسێ پاداشی دنیای بوێ، لەوێ پێی ئەدەین، هەرکەسیش پاداشی ئاخیرەتی بوێ، لەوێ پێی ئەدەین، بە سپاسکەرانیش پاداش ئەدەین ﴿١٤٥﴾ بەشێ زۆر لە پێغەمبەران لەگەڵ خواپەرستانی هەواڵیان، لەگەل خوانەناسان خەزایان کردووە، هەرچەند لە ڕێی خوا تووشی بەڵا بوون، نە هیچیان سست بوون ونە زەبوون بوون، خوا خۆڕاگرانی خۆش دەوێ ﴿١٤٦﴾ قسەی ئەوانە بێجگە لەمە شتێ تر نەبوو کە وتیان: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! لە گوناحمان و لە زیادەڕەویمان و لە کار لادانمان خۆش ببە، پتەو ڕامانبگرە و بەسەر هۆزی کافرانا سەرمان بخە ﴿١٤٧﴾ جا (لەبەر ئەوە) خوا پاداشی ئەم جیهان و پاداشی چاکی ئاخیرەتی پێدان، خوا کارچاکانی خۆش دەوێ ﴿١٤٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! ئەگەر لە کافران پەیڕەوی بکەن، ئێوە بۆ دواوە دەگێڕنەوە، لە حالێکدا کە زیانکار ئەبن ﴿١٤٩﴾ (ئەوانە دۆستی ئێوە نین) بەڵکوو خوا دۆستی ئێوەیە و ئەو باشترینی یاریدەرانە ﴿١٥٠﴾ بە زوویی ترس و لەرز داوێژین و ئەخەینە ناو دڵ و دەروونی کافران کە بێ بەڵگە و هۆ، شتگەلێکیان کردە هاوبەشی خوا، جێگایان ئاگرە و چەن جێگەیەکی بەدفەڕە جێگای ستەمکارانە ﴿١٥١﴾ خوا بەڵێنی بە ئێوە دا و بەجێشیهێنا لەو کاتە: (سەرەتای جەنگی ئوحود)دا بە فەرمانی ئەو دوژمنانتان قەلاچۆ ئەکرد و ئەتانکوشتن تا ئەو تالآنەی بە تەمای بوون هاتە بەرچاوتان، ئیتر (کوتوپر) سست بوون و لە کاری جەنگدا لەگەڵ یەکتر کەوتنە کێشە، دوای ئەوەی وا خۆشتان دەویست بە ئێوەی نیشان دا لاتاندا، هەندێ لە ئێوە دنیا و هەندێ ترتان ئاخیرەتی دەویست، ئەوسا خوا بۆ تاقی کردنەوە ئێوەی لە جەنگ گێڕاوە (و لەو جەنگ تێشکان) لە هەقیقەتدا (خوا) ئەم هەل و دەرفەت و جارەش ئێوەی بەخشی، و خوا سەبارەت بە بڕوداران خاوەن بەخششە ﴿١٥٢﴾ لەو دەمەی وا (بە هەڵاتهەڵات) بە کێوەکەدا سەردەکەوتن و ئاوڕتان وەسەر هیچکەس نەدەداوە پێغەمبەریش لە دواوە گازی و بانگی دەکردن، جا خوا جەزای خەمی هەر بە خەم دەداوە تا خەفەتی ئەوەی وا لە دەستتان داوە و ئەوەی وا بە سەرتان هاتووە نەخۆن، خوا بەوەی وا دەیکەن بە ناخی ئاگادار و زانایە ﴿١٥٣﴾

لە پاشان بە دوای ئەم غەمەدا هێمنایی بۆ ناردن، ئەم هێمناییە بە وێنەی خەوێکی سووک بوو کە تاقمێک لە ئێوە سەرخەویان شکاند، بەڵام تاقمێ دیکەتان هەر تەنیا لە بیری گیانی خۆیاندا بوون و بە ناڕەوا لەبابەت خواوە، بە ناهەق گومانیان ئەکرد، هەروەکوو گومانی سەردەمی جاهیلییەت ئەیانوت: ئایا کارمان دەگاتە جێ؟ بڵێ: بەڕاستی هەموو کاروبار بە دەست خوایە، ئەوانە شتگەلێکیان لە دڵ و دەروونی خۆیاندا ئەشاردەوە و لای تۆیان ئاشکرا نەدەکرد، ئەیان وت: ئەگەر کار بە دەس ئێمە بوایە، لێرەدا بە کوشت نەدەچووین. بڵێ: ئەگەر لە ماڵی خۆشتانیش بووایێن، ئەوانەی وا کوژران لە چارەیان نووسرابوو، ئەگەر لە ناو پێخەفیشدا بان، هەر بۆ جێگای کوژران و تخێڵ بوونی جەندەکیان دەچوون، ئەمە لەبەر ئەوەیە تا خوا ئەوەی وا لە سنگتاندایە تاقی بکاتەوە و ئەو (بڕوایە)ی لە دڵ و دەروونتاندایە بیپاڵێوێ (و ئاشکرای بکا)، خوا ئاگا و زانایە بەوەی وا لە دڵ و دەرووندایە ﴿١٥٤﴾ بەڕاستی ئەو کەسانەی وا لە ڕۆژی ڕووبەروو بوون (لەگەڵ دوژمندا لە ئوحود) پشتیان تێکرد (و هەڵاتن) لە سۆنگەی هەندێ گوناحەوە کە کردبوویان، شەیتان هەڵیخەڵەتاندن، بە هەقیقەت خوا ئەوانی بەخشی، چونکە بەڕاستی خوا لێبور و لەسەرخۆیە ﴿١٥٥﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! وەکوو ئەوانە مەبن کە کافر بوون، کاتێ کە براکانتان دەڕۆیشتنە سەفەر یا لە جەنگ (غەزا)دا بەشدار ئەبوون (دەمردن یا دەکوژران)، بەوانیان دەوت: ئەگەر لای ئێمە بوایینە، نەدەمردن و نەدەکوژران، (ئێوە قسەی وا مەکەن) تا خوا بیکاتە وەرەمێک لە ناو دڵ و دەروونیاندا، خوا ئەژیێنێ و ئەمرێنێ (مەرگ و ژیان بە دەس خوایە)، خوا بەوەی وا ئەیکەن، بینا و ئاگایە ﴿١٥٦﴾ ئەگەر لە ڕێگای خوادا بکوژرێن یا بمرن، بەڕاستی لێخۆشبوون لە خواوە، ڕەحمەت: بەزەیی خوا باشترە لەوەی وا خڕی دەکەنەوە ﴿١٥٧﴾

ئەگەر بمرن یا بکوژرێن، لای خوا کۆ دەکرێنەوە ﴿١٥٨﴾ لەبەر تیشکی ڕەحمەتی خـوا بـوو کە بۆ ئەوان نەرم و (دلۆڤـان) بـووی، جـا ئەگەر تونـد و تـووڕە و تۆسـن و دڵـڕەق بـای، لێت دوور ئەکەوتنەوە، جا لەبەر ئەمە بیانبەخشە و داوای لێخۆشبوونیان لە خوا بۆ بکە و لە کاروبـاردا تەگبیر و ڕاوێژیان پێ بکە، بەڵام کاتێ کە لێ بڕای کارێ بکەی، پشـتت هەر بە خـوا قـایمبـێ، چـونکە خـوا بەڕاسـتی ئەوانەی خـۆشدەوێ کە پشـت بە خـوا دەبەسـتن ﴿١٥٩﴾ ئەگەر خـوا یارمەتیتـان بـدا، هـیچ کەس بەسـەرتاندا زاڵ نـابێ، ئەگەر (شـکانتان پـێ بـدا و) دەس لە یارمەتیدانتان هەڵگرێ، کێ هەیە دوای خوا یارمەتیتان بدا، بڕواداران ئەبێ پشتیان تەنیـا بە خـوا قـایم بـێ ﴿١٦٠﴾ بـۆ هـیچ پێغەمبەرێـک (ئەو مافـە) نیـیە کە فێـڵ و خەیـانەت بکـا، هەرکەس فێڵبازی و دەسبڕی بکا، بەو تەشقەڵە و خەیانەتەوە لە ڕۆژی بەرێدا ئەیهێنن (و حازر ئەبێ)، ئەوسا هەرکەس لە بەرامبەر و بارتەقای کردەوەی خۆی سزا ئەدرێ، و ئەوانە سـتەمیان لێ ناکرێ ﴿١٦١﴾ ئایا کەسێ کە بە دوای ڕەزامەندی خـوادایە، وەکـوو کەسـێکە لە نـاو ڕق و تووڕەیی خوادا قەتیس ماوە، و جێگای جەهەندەمە و تووشی جێگایە کی خراپ بووە ﴿١٦٢﴾ هەریەک لەو کـۆمەڵە و تـاقم و دەسـتانە پـلە و پایەیەکیـان لای خـوا هەیە، و خـوا بەوەی کە دەیکەن بینایە ﴿١٦٣﴾ خوا منەتی لەسەر بڕواداران دانا (نیعمەتی گەورەی پێدان) کـاتێ کە لە خۆیـان پێغەمبەرێکی بـۆ نـاردن کە نیشـانەکانی خوایـان بەسـەرا بخـوێنێتەوە و ئەوان لە ڕوانگای خوو و ئاکارەوە پاک و بێگەرد بکاتەوە و کتێـب (قورئـان) و لەکارزانییـان فێـر بکـا، ئەگەرچی لەبەرا هیچیان لە هیچ نەدەزانی ﴿١٦٤﴾ بۆچی کاتێ کە (لە ئوحود) زیانێ بە ئێـوە گەیی، وتتـان: ئەمە لە کوێوەیـە؟ کەچی دوو بەرابەری ئەوەتـان (لە جە نگی بەدردا زیـان بە دوژمـن) گەیاندبوو، نەتانپرسی. بڵێ: ئەمە لەبـابەت خۆتـانەوەیە (کە لە فەرمـانی پێغەمـبەر لاتان دا)، بەڕاستی خوا بەسەر هەموو شتێکدا توانایە ﴿١٦٥﴾

ئەو زیانەی وا لە (ئوحود) ڕۆژی ڕووبەڕوو بوونی دوو دەستە بە ئێوە گەیی، بە فەرمانی خوا بوو، لەبەر ئەوە بوو تا بڕواداران بناسرێن ﴿۱۶۶﴾ هەروەها بۆ ئەوە بوو تا کەسانێ کە ڕێگای دووڕوویی: نیفاقیان گرتە بەر بناسرێن، ئەوانە کە پێیان وترا: وەرن لە ڕێگای خوادا جەنگ و خەزا بکەن یا (لانیکەم) لە سنووری خۆتان بەرگری بکەن، (لە وەڵاما) وتیان: ئەگەر بمانزانیبا شەڕتان بەسەردا سەپاوە، دیارە، حەتمەن پەیڕەویمان لە ئێوە دەکرد، ئەوانە لەو ڕۆژەدا لە کوفر نێزیکتر بوون تا لە بڕوا و ئیمان، بە زار شتێ ئەڵێن کە لە دڵیاندا نییە، خوا بەوەی وا دەیشارنەوە ئاگادارترە و زاناترە ﴿۱۶۷﴾ ئەو کەسانەی (دووڕووەکان) کە بە برایانی خۆیان وت لە کاتێکا نەچبوونە خەزا و دانیشتن (و دەستیشیان لە پشتیوانی ئەوان هەڵگرتبوو): ئەگەر ئەوانە پەیڕەوییان لە ئێمە کردبا نەدەکوژران، بڵێ: ئەگەر ڕاستبێژن مەرگ لە خۆتان دوور بخەنەوە ﴿۱۶۸﴾ قەت گومان مەبە بە کەسانێ کە لە ڕێگای خوادا کوژراون (شەهید کراون) مردوون، بەڵکوو زیندوون و لای پەروەرێنەری خۆیان ڕسق و ڕۆزی ئەدرێن ﴿۱۶۹﴾ دڵخۆشن بەو نیعمەتەی کە خوا پێی داون و شادمانیش ئەبن بە کەسانێ (تێکۆشەرانی ئیسلام) کە دوای (شەهید بوونی) ئەمان (کە هێمان) بەوانەوە نەلکاون (و زیندوون و خەریکی خەباتن) نەترسێ بۆ ئەوان هەیە، نە خەفەتیش ئەخۆن ﴿۱۷۰﴾ دڵیان خۆشە بەو چاکەو زیادە بەشانەی وا خوا پێی داون و پێیان دەدا، بەڕاستی خوا پاداشی بڕواداران لەناو نابا ﴿۱۷۱﴾ کەسانێ کە دوای ئەوەی (لە جەنگی ئوحود) سەخت زامدار بوون، بە هاواری خوا و پێغەمبەرەوە ڕۆیشتن (وڵامیان داوە) بۆ ئەوانە کە کاری چاکیان کرد و پارێزکار بوون، پاداشی گەورە هەیە ﴿۱۷۲﴾ کەسانێ کە وەختێ خەڵک (کاروانیانی عبدالقیس یا نعیم بن مسعود) بەوانی وت: خەڵک (ئەوانەی وا هاوبەشیان بۆ خوا داناوە) بۆ (لە ناوبردنی) ئێوە کۆبوونەتەوە و گەلەکۆمەتان لێ کراوە و بە ئاشکرا و بە پانەوە بە تەواوی دێنە سەرتان (و خەریکی هێرشن) کەوابوو لێیان بترسن، (لەباتی ترس) بڕوا و ئیمانیان زیاتر بوو (و لە وەڵاما) وتیان: خوا بۆ ئێمە بەسە، خوا باشترین پشتیوانیشە ﴿۱۷۳﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



جا لە ئاکامی پشت بە خوا بەستن (بێ جەنگ) بە چاکە و زیادە بەشانەی خوا گەڕانەوە، زیان و نارەحەتییان تووش نەبوو، تەرە و هەڵوەدا و ئاوارەی ڕەزای خوا بوون و پەیڕەوییان لە فەرمانی خوا کرد (ڕەزامەندی خوایان بە دەس هێنا)، خوا خاوەنی بەخششێکی گەورەیە ﴿١٧٤﴾ بەڕاستی ئەمە تەنیا شەیتانە کە دۆستان و پەیڕەوانی خۆی ئەترسێنێ، جا ئەگەر بڕواتان هەیە، لەوان مەترسن و لە من بترسن ﴿١٧٥﴾ ئەوانە تۆ نیگەران و خەفەتبار نەکەن کە بەپەلەن بۆحاشا کردن لە خوا و دین؛ دیارە ئەوانە ناتوانن هیچ زیانێک لە خوا بدەن، خوا ئەیەوێ لەو دنیا بەشێکیان نەبێ و لە ئاخیرەتدا پشکێکیان بۆ دانەنێ، بۆ ئەوان ئازاری گەورە هەیە ﴿١٧٦﴾ کەسانێ کە بە بڕوا کوفریان کڕی، هەرگیز زیانێک بە خوا ناگەیێنن، بۆ ئەوان عەزابێکی دەردهێنەر هەیە ﴿١٧٧﴾ ئەوانەی کە کافر بوون قەت وا بیر نەکەنەوەکە ئەگەر مۆڵەتیان پێ ئەدەین، بە قازانجی ئەوانە، لە ڕاستیدا بۆیێ مۆڵەتیان پێ ئەدەین تا باری گوناحیان زیاد بێ، بۆ ئەوان عەزابێکی ئابڕووبەر و پەستکەرەوە هەیە ﴿١٧٨﴾ بۆ خوا شیاو نیە کە بڕواداران هەروا بەو حاڵەی کە ئێوە تێدان بهێڵێتەوە، تا مەگەر پاک و پیس لە یەکتر جیا بکاتەوە، بۆ خوا ناشێ کە ئێوە بەسەر نادیار و نهێنی و پێوار و نەلەبەرچاودا؛ ئاگادار بکا، بەڵام خوا لە ناو پێغەمبەرانی خۆیدا، هەرکەس کە بیەوێ، هەڵیدەبژێرێ (و ئاگاداری دەکا)، جا بە خوا و پێغەمبەرەکانی بڕوا بێنن، ئەگەر بڕوابێنن و خۆبپارێزن پاداش و مزەیەکی گەورەتان بۆ هەیە ﴿١٧٩﴾ کەسانێ کە چاوچنۆکی و ڕژدی و بەخێلی ئەکەن و ئەوەی وا خوا لە بەخششی خۆی بەوانی داوە، بەشی کەسی لێ نادەن، گومان نەکەن کە ئەمە بۆ ئەوان خێرە، بەڵکوو بۆیان شەڕ و خراپە، بە زوویی لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو نیعمەتەی وا بەخێڵییان پێ کردووە، هەروەکوو تەوق ئەکرێتە ملیان، بۆ خوایە میراتی ئاسمانەکان و زەوی و خوا بەوەی وا ئەیکەن بە ناخی ئاگایە ﴿١٨٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

بە هەقیقەت خوا قسەی ئەوان (جوولەکە)ی بیست کە وتیان: خوا فەقیرە و ئێمە بێنیازین، یانی ئەوەی کە وتیان (لە تەئویلی، هێرمینۆتیک Hermeneutics ئایەی قەرزدا)، ئەو پێغەمبەرانەی کە بە ناهەق کوشتیان (بە ناوی ئەوانەوە) ئەینووسین، پێیان دەڵێین: عەزابی سووتێنەر بچێژن ﴿١٨١﴾ ئەو (عەزابە) بەو هۆیەیە کە بە دەسی خۆتان بۆ بەرەوەتان ناردووە، خوا بەڕاستی سەبارەت بە بەندەکانی خۆی غەدرکار نییە ﴿١٨٢﴾ کەسانێ کە وتیان: پێمان سپێردراوە و خوا بەڵێنی لە ئێمە وەرگرتووە کە بە هیچ پێغەمبەرێک بڕوا نەهێنین مەگەر ئەوە بە ئاژەڵێ قوربانییەوە بێتە لامان و قوربانییەکمان بۆ بێنێ کە ئاگری هەورە برووسکەی ئاسمانی ئەو ئاژەڵە قوربانییە بخوا! بڵێ: پێغەمبەرانی بەر لە من چەن نیشانە و بەڵگەی روونی بۆ هێنان و ئەوەی وا وتتان و ئێستا داوای دەکەن؛ دەی خۆ ئەمیشی بۆی هێنان، بۆچ ئەوانتان کوشت، ئەگەر ڕاستبێژن ﴿١٨٣﴾ جا ئەگەر ئەو (بیانووگرانە) تۆیان بە درۆ خستەوە (خەفەت مەخۆ)، بەڕاستی پێغەمبەرانێ بەر لە تۆش بە درۆ خرانەوە کە نیشانە ئاشکرا و دیاریدەرەکان و نووسراوەی موحکەم و بەرز و پتەو (زُبُر) و کتێبی ڕوونکەرەوەیان هێنابوو ﴿١٨٤﴾ هەموو کەسێک چێژەری تامی مەرگە، بەڕاستی لە ڕۆژی بەریێدا پاداشتان بە تەواوی وەردەگرن، جا هەرکەس لە ئاگر دوور بکرێ و بە بەهەشت ببرێ، بەڕاستی ڕزگارە، ژیانی دنیا شتێک بێجگە لە فریو نییە ﴿١٨٥﴾ لە ماڵ و گیانتاندا تاقی دەکرێنەوە، لە کەسانێ کە بەر لە ئێوە کتێبی ئاسمانیان پێ درابوو، هەروەها لەوانەی کە هاوبەشیان بۆ خوا دانابوو زۆر قسەی ناخۆش ئەبیسن، جا ئەگەر تابشت بێنن و پارێزگار بن (سەردەکەون)، جا بەڕاستی تابشتهێنان و خۆڕاگری کارێ جوامێرانە و ئازا و بوێرانەیە و نیشانەی سوور بوون و لێبڕانە لە کاروباردا ﴿١٨٦﴾

(بێنەوە بیر) ئەو دەمەی وا خوا بەڵێن و پەیمانی وەرگرت لە کەسانێ کە کتێبی پێدرابوون کە حەتمەن بۆ خەڵکی بەیان بکەن و نەیشارنەوە، بەڵام ئەوانە ئەو بەڵێنەیان دایە پشتگوێ و بە نرخێ کەم فرۆشتیان، جا سەودایێ خراپیان کرد ﴿١٨٧﴾ (ئەی پێغەمبەر) وا مەزانە ئەوانەی دڵ خۆش ئەکەن بە کارێ (ناحەز) کە کردوویانە و پێیان خۆشە بۆ کارێ کە نەیانکردووە تاریف بکرێن لە جەزرەبە، ڕزگار دەبن جەزرەبەی دەرداوی بۆ ئەوانە ﴿١٨٨﴾ هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرد و زەویدایە هەر بۆ خوایە، خوا بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە و فەرمان فەرمانی خودایە ﴿١٨٩﴾ بەڕاستی لە بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەویدا و هاتوچۆی شەو و ڕۆژ، بۆ ژیر و خێو و خاوەنئاوەزان نیشانەن ﴿١٩٠﴾ کەسانێ کە بە ڕاوەستان و چ لەجێوە؛ بە دانیشتن و چ لەسەر ڕاکشانەوە، یاد و زیکری خوا ئەکەن و بیر لە بەدیهێنانی ئاسمانەکان و ئەرد و زەوی دەکەنەوە (و دەڵێن:) ئەی پەروەرێنەری ئێمە! ئەمە (جیهان)ت بە فیرۆ بەدی نەهێناوە، پاکی بۆ تۆیە، جا (کەوایە) ئێمە لە عەزابی ئاگر بپارێزە ﴿١٩١﴾ ئەی پەروەرێنەری ئێمە! هەرکەس کە تۆ بیخەیتە ناو ئاگر لە ڕاستیدا شکاندووتەوە، بۆ ستەمکاران یارمەتیدەرێک نییە ﴿١٩٢﴾ ئەی پەروەرێنەری ئێمە! ئێمە بیستمان بانگڕایەڵێک (خەڵکی) بۆ بڕوا هێنان بانگ ئەکرد (و ئەیوت:) بە پەروەرێنەرتان بڕوا بێنن، جا ئێمەش بڕوامان هێنا، ئەی پەروەرێنەری ئێمە! لە تاوان و گوناحانمان خۆشبە و کردەوەی دزێو و ناشیاوی ئێمە داپۆشە، ئێمە لەگەڵ چاکان بمرێنە ﴿١٩٣﴾ ئەی پەروەرندەی ئێمە! ئەوەی کە لە زمان پێغەمبەرانەوە بەڵێنت پێداوین، پێمان مەرحەمەت بفەرموو، لە ڕۆژی بەرێدا شەرمەزارمان مەکە، هەر تۆ لە بەڵێنی خۆت لانادەی ﴿١٩٤﴾

جا پەروەتێنەریان بە دەنگیانەوە هات کە من کردەوەی هیچ خاوەن کـردەوەیەک لە ئێـوە لە ژن یا لە پیاو زایە ناکەم، هەندێکتان لە هەندێکی ترن، جا کەسانێ کە (بۆ خوا) کۆچوباریان کرد و لە ماڵ و نیشتمانی خۆیـان دەرکـران و لە ڕێگـای منـدا ئـازار دران و خەزا و جەنگیـان کـرد و کـوژران، حەتـمەن گوناحەکانیـان دائەپۆشـم و ئەیانبەخشـم و ئەیـانبەمە بەهەشـتگەلێ کە چۆمەئاو (بەخوڕ) بە بـن دارەکانیـدا ئەڕوا، ئەمە پاداشـێکە لە لایەن خـواوە (پێیـان ئەدرێ)، باشترین پاداش لای خوایە ﴿١٩٥﴾ هاتوچۆ و گروفری ئەوانەی وا حاشایان لە خوا کـردووە لە وڵات و لە شارەکاندا، تۆ بە فریو نەبا و نەچێ هەڵتخەڵەتێنێ ﴿١٩٦﴾ ئەم ڕابواردنە شـتێ کەم و کەم دەوامە، سەرئەنجام جێگایان جەهەنـدەمە و ئەویش جێگـایەکی بـێفەڕ و بـێلەزەت و نالەبـار و زۆر خـراپە ﴿١٩٧﴾ بەڵام (ئەو) کەسـانەی کە (بڕوایـان هەیە و) لە پەروەرێنەریـان پەروایان هەیە، بۆ ئەوان بەهەشتگەلێ هەیە کە چۆمەئاو بە ژێـر دارەکانیـدا دێ و دەچـێ، بـۆ هەمیشەیش لەوێدا ئەمێننەوە، ئەم میواندارییە لە لایەن خـواوە (بـۆ چاکـان) ئامـادە کـراوە؛ ئەوەی لای ئەوە، خۆ ئەدرێ و هەر بۆ کارچاکان باشترە ﴿١٩٨﴾ هەندێ کەس لە ئەهلی کتێـب هەن کە بە خوا و بەوەی وا بۆ ئێوە ناردراوە و بەوەی وا بۆ خۆیان هاتووە بڕوا دێنن، لە بەرانبەر و لەڕاست خوا بێ دەعیەن و نیشانەکانی خوا بە نرخێ کەم نافرۆشن، پاداش و مزەی ئەو جـۆرە کەسانە لای پەروەرێنەریانە، بەڕاستی خوا بەپەلە و سەخت بە کاری هەرکەس ڕائەگـا ﴿١٩٩﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە تابشت بێنن و خۆڕاگرن و دڵ و دەروونتان بە خواوە گرێ بـدەن، لە خوا پەرواتان هەبێ بەڵکوو ڕزگار بن ﴿٢٠٠﴾

**سوورەی نیسا: ژنان ١٧٧ ئایەتە**